# بۆ كۆنفرانسی شەشەمی ڕێكخراوی ئوستراليای حككع

**عامر سابیر**
**asabir79@hotmail.com**

هاوڕێیان، لە ڕێكخراوی ئوسترالیای حككع، سەرەتا پیرۆزبایی گەرم لە هەریەكەتان ئەكەم بە بۆنەی بەستنی شەشەم كۆنفرانسی ڕێكخراوی ئوسترالیاوە كە لە 5 و 6 ی ئەم مانگەدا لە ئۆفیسی یەكێك لە نەقابە كریكاریێكانی ئوسترالیا لە شاری سدنی دەبەسترێت.

وە زۆر بەخێرهاتنی هاوڕێ (نادیە مەحمود ) ئەندامی مەكتەبی سیاسی حككع ئەكەم كە بۆ بەشداریكردن لە كۆنفرانسدا سەردانی ئوسترالیای كردووە.

وەهەروەها بەخێرهاتنی تەواوی ئەو ئینسانە ئازادیخواز و نوێنەری ئەو لایەنانە ئەكەم كە دەبنە میوانی كۆنفرانس.

هاوڕێیان بەداخەوە من بەهۆی سەفەرم بۆ ئەوروپا بۆ بەشداری لە قوتابخانەی ماركس، ناتوانم ئامادەبم لە كۆنفرانسدا.

دیارە نزیك بە چوار ساڵ بەسەر كۆنفرانسی پێنجەمدا تێپەڕیوە، بۆیە ئەم كۆنفرانسە گرینگیەكی زۆر تایبەتی هەیە. هەرچەندە لە ماوەی ڕابردوودا كۆمیتە چەندین شێوازی كاركردنی نا كارا و بێسەمەری وەلاناوە و بە چەندین شێواز و میكانیزمی كاركردنی تازە و پڕ سەمەرتر كایكردووە، بەڵام هێشتا ئەو كارانەی كە تا ئێستا كراوە زۆر كەمترە لەوەی كە ئەبوایە بمانكردایە یان لەتواناماندایە كە بیكەین.

ئێستا كۆمەڵگای عێراق و كوردستان لە هەموو كات زیاتر پێویستی بە كاری ئێمە كۆمۆنیستەكان و ئازادیخوازان و بەدیلە ئینسانیەكەمان هەیە بۆ كۆتایی هێنان بەم سیناریۆ ڕەشەی كە ڕۆژانە خەڵك ئەهارێت و كۆمەڵگە نابوت ئەكات.

بژی حككع

بژی هاوپشتی و خەباتی نێونەتەوەیی چینی كرێكار

بژی سۆسیالیزم

2006/8/1